www.kurdistannet.org
31-8-2006 2:00 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

نامەیەکی کراوە بۆ:
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
دادگای پەیوەستدار لە هەرێمی کوردستان
سەرۆکی دادگای تایبەتی ئێراق
سەرۆکی دەستەی دادگاییکردنی تاوانباران لەسەر دۆسیەی ئەنفال

## تێبینیەکانی ناوەندی چاک لەسەر پرۆسەی دادگاییکردن سەبارەت بە دۆسیەی ئەنفال

دادگایی تاوانباران سەدام حوسێن و عەلی کیماوی و ئەوانیتر لەسەر تاوانی ئەنفال، هەنگاوی گرنگە بۆ دوارۆژێکی ئاشتیخوازانە. گەیشتن بە سزایەکی ڕەوا، سوکناییە بۆ قوربانیان و گەلی کورد بەگشتی. ئاشکرایە پێشتر سەبارەت بە بێتوانایی ڕەخنەی زۆر ئاساتەی پرۆسەی دادگاییکردنەکە گیراوە، ئەمجارەش گەلێ لە کەموکوڕیەکان کەوتنەوە بەرچاو.

هەروەکو لەسەرەتای چەند ڕۆژی یەکەم و دادگاییکردنەکەدا تێبینیمان کرد، جگە لە کێشەی زمان، کێشەی بێتوانایی داواکار و کەمئامادەیی شکاتکەران، پرسیاری نابەجێی بەرگریکاران و شلی دادوەر نیگەرانی زۆر دروست دەکەن.

ناوەندی چاک لە چەند دانیشتنی دادگادا، هەندێ کەموکوڕی و کێشەی لە پرۆسەی دادگاییەکردنەکەدا لا گەلاڵە بووە، وا لێرەدا لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینەڕوو:

داواکار:

جێگری داواکار مرافەعەیەکی پێشکەشکردووە، پڕیەتی لە چەمک و ڕستەی لابەلا و سۆزدار، یا گوتنی ناگونجاو بە بابەتی دادگاییکردنەکە (بۆنمونە پاکانەکردن بۆ ئەنفالی ئیسلام، پەنابردن بۆ عیسا و سۆز هەڵڕشتن لەو بارەیەوە) . گوزارشتی قۆناغەکانی ئەنفال کەموکوڕی تێدایە. نەهاتووە تاوانەکە بەپێی دەکومێنتەکان، لەبەر ڕۆشنایی بڕیار و یاسای دادگای تایبەت شیبکاتەوە و وەکو تاوانی ژینۆساید بیانسەلمێنێت. مرافەعەی داواکار لەڕووی یاساییەوە زۆر هەژاربوو.

شایەدەکان:

شایەدەکان لە زمانی عەرەبی ناگەن، بۆیە ئەم کێشانە بەزەقی هەبوون:

1. نازانن لە دادگادا چی دەگوترێت، چی دەخوێندرێتەوە و پرۆسەکە چۆن بەڕێوە دەچێت. ئەوە نابێت ئەوها بێت، دەبێت شایەدەکان لە تەواوی گۆتە و دوانەکانی ناو هۆڵی دادگا بگەن. واتە دەبێ وەرگێر لە تەواوی ڕووداوەکانی ناو دادگا بە زمانی کوردی ئاگاداریان بکاتەوە.
2. وەرگێر کێشەی لە وەرگێڕانی گۆتەی شایەدەکاندا هەیە، گەلێجار ئەوە وەرناگێردرێت کە شایەد مەبەستیەتی یا دەیەوێ بیڵێت.
3. شایەد ئامادە نەکراوە، نازانێ وەڵامی پرسیارەکان بە کورتی و لەجێگای خۆیدا بداتەوە، نازانێ بەرگری لەخۆی بکات و لەوبارەیەوە پێناچی لەمافەکانی خۆی گەیشتبێت، بە وردی بۆی

ڕوونەکراوەتەوە کە تەنها ئەوەی بینیویەتی و لێی دڵنیایە بیڵێت. بەپێی هەندێ سەرچاوە، ڕینماییەکی کەمی نەشارەزایانە کراون.

بەرگری:

1. پارێزەرانی بەرگری چەمکی سیاسی و لێکدانەوەی سیاسی تێکەڵی بەرگری لە تاوانباران دەکەن، ئەوە دەبێ لەلایەن دادوەر ڕێگایان پێنەدرێت، دادوەر شلە لەو بارەیەوە. هەروەها دەبێ پارێزەرانی کورد یا داواکار نارەزایی دەربڕن و بیانوەستێنن.

2. پارێزەرانی بەرگری، گەلێجار پرسیارەکانیان بۆ سەر لێشێواندنی شایەدە، یا بۆ بەلارێدابردنە، یا لە جێگای خۆیدا نییە و لە چوارچێوەیەکی یاساییانەدا جێگایان نابێتەوە. دەبێ ئەو جۆرە پرسیارانە بوەستێندرین و ڕێگایان پێنەدرێت.

ئێمە وەکو ناوەندی چاک ڕەخنەی توندمان لە بوونی ئەو دیاردانەدا هەیە، پێویستە ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن، ئەگەر نا جگە لە درێژەی لاوازی دادگاییکردنەکە، هەروەها بێتوانایی لە ئاست ئەو تاوانە گەورەیەی ئەنفالدا، مەترسی زۆرە کە ئەنجامی پرۆسەی دادگاییکردنەکە لار و ناگونجاو دەربچێت.

ناوەندی چاک